# دلێر عەبدولقادر بە کرمانجی سەروو گۆرانی دەڵێ



هونەرمەند دلێر عەبدولقادر لە دیدارێکی تایبەتی هەفتەنامەی رۆژی گەل دا کە لە لاپەڕە حەوتی ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە باس لە ئەلبومی داهاتووی خۆیدا دەکات و ئاشکرای کردوە کە بەهەردوو زاراوەیی سۆرانی و کرمانجی سەروو گۆرانی دەڵێ.

لەو بارەیەوە گوتویەتی: (پرۆژەی داهاتووم ناتوانم بڵێم لەچەند تراک پێک هاتووە، چونکە هێشتا ناویشم لێی نەناوە، بەڵام لەوانەیە ئەوجارە زیاتر بەدیالێکتی کرمانجی سەروو گۆرانی بڵێم یان ئەوەتا بیکەم بەنیوە، واتە نیوە بە کرمانجی سەروو، نیوەش بە سۆرانی. خەرجی ئەو سیدییە کۆمپانیای سویدش ستار بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە لە ئەستۆی خۆی گرتووە، لە رێی هەفتەنامەی رۆژی گەلیشەوە زۆر سوپاسی برای بەڕێزم کاک ئاراس مستەفا بەڕێوەبەری کۆمپانیای ناو براو دەکەم، چونکە راستیەکەی ئەو هانی دام بۆئەوەی کارێکی نوێ ئامادە بکەم.

# شڤانپەروەر بەشداری ئاهەنگێکی مەزن لە نەمسادا دەکات

ئێوارەی دوێنێ، 30-1-2010 ئاهەنگێکی مەزنی کوردی لە شاری ڤییەنای پێتەختی وڵاتی نەمسا بەڕێوەچوو.

بەگوێرەی زانیاریەکان چەندین کەسایەتی ناوداری ئەو وڵایە بەشداریان لە ئاهەنگەکەدا کردبوو، کە دکتۆر. فیشەر سەرکۆماری نەمسا، یەکێک بوو لە ئامادەبووان.

هونەرمەندی گەورە شڤانپەروەر بە 12 گۆرانی بەشداری لەو ئاهەنگەدا کرد کە سێ لە گۆرانیەکانی نوێ بوون و یەکەمین جاربوو کە دەگوتران. هەروەها ژەنیاری گەورە دڵشاد محەمەد سەعید، رێبەری مۆزیکی هاوچەرخی کوردی ئاهەنگەکەی بەڕێوەدەبرد. هەموو گۆرانیەکانی ئاهەنگەکە بە سەمفۆنیا و کۆراڵەوە ئامادەکرابوون.

وێڕای ئەوەش هونەرمەند دڵشاد بۆخۆیشی پارچەیەک مۆزیکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. هەروەها سترانبێژی ناوداری نەمسا ویلی رێسەتاریست بەشداری لە ئاهەنگەکەدا کرد.

جێی ئاماژەیە کە ئێنسەمبلێ ڤییەن کلانگ و ئازیس ساندیکۆڤیچ و 46 ژەنیاری دیکە بەشداریان لە ئاهەنگی کوردان دا کردبوو.

هەروەها تیپێکی رۆژهەڵاتی کە لە نۆ ژەنیا پێکهاتبوو بەشداربووبوون.

جێی ئاماژەیە کە ئەوە یەکەمین ئاهەنگی کوردیە کە بەو شێوەیە لە ئەوروپا بەڕێوەبچێ و هەموو بەڕێوەبەرانیشی کوردبن.

جێی ئاماژەیە کە هونەرمەندانی کوردستان ماوەی چەند ساڵێکە زۆر بە چڕی ئەوروپایان کردۆتە وێستگەی گەیاندنی پەیامەکانی خۆیان و سەرکەوتووش بوونە.




# تۆمەت لێدان

پێشینان گوتویانە' تۆمەتلێدان زۆر ئاسانە، بەڵام سەلماندنی قورس و زەحمەتە' ئێستا ئەو تۆمەت لێدانانە لەنێو بڵاوکراوەکانی باشووری کوردستان و ماڵپەڕەکانی تۆڕی ئینتەرنێتدا جێی بەرچاویان گرتووە. هەر کەسە چۆنی بوێ، ئاوا بێویژدانانە تۆمەت لە بەرانبەرەکەی دەدات کە رقی لێدەبێتەوە، یان ناحەزێتی لەگەڵدا هەیە. مخابن بڵاوکراوەو ماڵپەڕەکانیش بە بیانوی ئازادی رادەربڕینەوە ئەوانە بڵاودەکەنەوە، زۆربەی جاران کەسانی تێکۆشەر و رابردوپاک و دڵسۆز دەکرێنە ئامانج و وەبەر تۆمەتی ناڕەوا دەدرێن، کەچی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێ.

بڵاوکردنەوەی تۆمەت و رەخنەی بێ بەڵگە، لەوانەیە لەسەرەتادا زیان بەناوبانگی کەسە تۆمەتلێدراوەکە بگەیەنێ، بەڵام سەرەنجام دەبێ یاسا رێی خۆی بگرێ و سزای ئەو کەسانە بدات کە لەخۆڕاو بێ بەڵگە تۆمەت لە تێکۆشەران و دڵسۆزان دەدەن.

لەپێوەند بەو باسە هەقە بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەکان هەڵوەستە بکەن، نابێ هەرچیان بۆ رەوانە کرا، بێ لێکۆڵینەوە لێکردن و بەبێ هەبوونی بەڵگەی سەلمێندراو یەکڕاست بۆ گەرمکردنی بازاڕی خۆیان تۆمەتەکان بخەنە سەر رووپەڕەکان و دەرخواردی خوێنەرانیان بدەن.

کاتێک بەکەسێک دەگوترێ گەندەڵ، کە گەندەڵیەکانی ئاشکراو بەرچاو بن، یان بەڵگەی سەلمێنەر لەبەردەست دابێ. کاتێک بە کەسێک دەگوترێ ناپاک، دەبێ بەڵگەی سەلمێنەرو باوەڕپێکراو هەبن. کاتێک تۆمەتی دزین و مرۆڤ کوشتن وەپاڵ کەسێکەوە دەدرێ، دەبێ دادگە یان لایەنێکی پەیوەندار بە فەرمی ئەوەی پشت راستکردبێتەوەو تاوانەکەی سەلماندبێ، بەڵام ئایە ئەو رێسایە لەبەرچاو دەگیرێ؟! یان لەبەرچاو گیراوە؟

بێگومان کەس و کەسانێک هەن کە بۆ شاردنەوەی گەندەڵی و ناپاکی خۆیان دەست بۆ هەموو تۆمەت و ناوزڕاندنێک دەبەن و لەهیچ ناسڵەمێنەوە، ئەوەی بێتە سەر زاریان نایگێڕنەوەو بە رۆژنامەنووسانی دەدەن، یان رۆژەنامەوانان ناچار دەکەن کەبۆیان بڵاوبکەنەوە.

هەندێک جار کەسانێکی بێ بەندوبار لەخۆڕاوە هەڵدەکوتنە سەر خەرمانی خەبات و تێکۆشانی دیتران و بەبێ هۆ بەرد لە درەختی بەرهەمداری دیتران دەگرن و رقی خۆیان هەڵدەڕێژن، بەڵام ئایە ئەو شێوازە تا کوێ بڕ دەکات؟! و بە کوێ دەگات؟!

رەخنەگرتن و هەڵدانەوەی گەندەڵ کارێکی رەوایە، بەڵام تۆمەتلێدان و هەوڵدان بۆ بچووک کردنەوەو سڕینەوەی دیتران تاوانێکەو دەبێ سزای بەدواوە بێ، دەنا لە داهاتوودا درێژەی دەبێ و لەخۆڕاوە مێژوو دەشێوێندرێ و زیان لەبەرژەوەندەکانی خۆمان دەدەین.

ئایە رەوایە رێ بە کەسانی دەروون نەخۆش بدرێ کە لەخۆڕاو بێ بەڵگە هێرش بکەنە سەر تێکۆشەران و ناویان بزڕێنن؟! ئایە هیچ یاسایێک بۆ سزادانی ئەو کەسانە بوونی هەیە؟! بێگومان دەبێ یاسا سەروەربێ و بەدواداچوونی ورد بۆ ئەو دیاردەیە بکات و سەرپێچیکەران سزا بدات.

**سەرکەوت بازیانی**

# ژان و هەژان



وەکی هەور و وەکی شەو و
وەکی دین و دیوارەکان..
بەری رۆشنایی و هەتاوت لێگرتیمە،
وەکی سنوور
وەکی چارچێوەی نیشتیمان
وەکی دەریا و رووبارەکان
پێیەکانت شەتەک دایمە،
وەکی سۆراو وەکی سپیاو
چێژی ماچت لە لێوانم تۆراندیە،
وەکی سەرپۆش.. وەکی ستیان و
بنکراس
چاوەکان و دەستەکان و
سەرلەبەری حەزەکانمت
سەرکوت کردیە،
وەکی ئەلف و
وەکی بێ و
وەکی جیم و
رامەوەستە هەتاکو (ێ)
هەست و نەست و تێکڕای بوونمت
دارڕزاندیە،
ئاخەر ئەمن سووچم چبوو
وەکی مرۆڤ – وەکی دڕندە و
جانەوەر !
نەهاتمەبوون و نەڕسکام..
ئاخەر ئەمن سووچم چبوو!؟

**دارا ئەحمەد**
2009-11-11
**لەندەن**

# داریۆش بەگۆرانی پەیام بۆ ئێران دەنێرێ



دوای ئەو خۆپیشاندانانەی ئێران و کوشتن و دەسگیرکردنی هاوڵاتێکی زۆر هونەرمەند((داریۆش ئیقبالی)) بڕیارە بەنزیکترین کات گۆرانییێک تۆماربکات و سیناریۆی گۆرانیەکەش ئەو گرتە ڤیدیۆیانەدەبێت کەوا کاری گەری لەسەر جیهانی دەرەوە دروست کردووە. نمونەشیان شیوازی کوشتنی ئەو کچەی کەلەسەر شەقامی (ئینقلاب) لەلایەن پۆلیشی بەرگری ئێران دەکوژرێت، کاتێک گوللەیەک بەر سنگی دەکەوێت و دەمرێت. شایەنی باسە داریوش یەکێکە لەو گۆرانی بێژانەی کەکاری گەری زۆری لەسەر گەنجانی ئێران هەیەو، پێدەچێت ئەو گۆرانیەی کاری گەری زۆر لەسەر راپەڕینی ئێران دروست بکات..

**وەرگێڕانی: سەردار محەمەد**
**سەرچاوە:** Taktaz.com

# ناودارترین نووسەری ئەمریکا ماڵئاوایی دەکات



نووسەری هەرە گەورەو ناسراوی ئەدەبی ئەمریکی، گی دی سالینجەر لە تەمەنی 91 ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆیدا لە New Hampshire ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کۆچی دوایی نووسەرپرسیارگەلێکی زۆری سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی وروژاندوە، چونکە 50 ساڵ لەمەوبەر بە لووتکەی ناسین گەیشت، بەڵام بەوهۆیەوە دووچاری دابڕان و گۆشەگیری هات و بەناچاریەوە لە گوشەێکی بچووکی شاری هامبشیر گیرسایەوەو درێژەی بە کارە ئەدەبیەکانی خۆی دا.

جێی ئاماژەیە کە بەدرێژایی سی ساڵی کۆتایی تەمەنی هەرگیز رێ بە رۆژنامەوانان نەدا کە دیدارو چاوپێکەوتنی لەگەڵدا بکەن، پێداگری زۆری لەسەر نەفرۆشتنی رۆمانەکانی بە دەرهێنەران دەکردەوەو رێی نەدەدا کە فیلمسازان سوود لە رۆمانەکانی وەربگرن.

لەوانەیە جێی سەرسوڕمان بیت کە دەگوترێ شەست ملیۆن دانە لە رۆمانەکەیدا فرۆشراوە.

لە دوایین دیداری خۆیدا کە ساڵی 1980 رۆژنامەی پۆستن سەندای گلوب لەگەڵیدا ئەنجامی دابوو، گوتبوی: 'عاشقی نووسینم، دڵنیاتان دەکەمەوە کە بەردەوام دەنووسم، بەڵام بۆ خودی خۆم دەنووسم'

سالینجەر، رۆژی 1-1-1919 لە ژنێکی ئیرلەندی و پیاوێکی پۆڵەندی هاتبوەە ژیانەوە، رۆژی چوارشەممە 28-1-2010 کۆچی کرد.

نووسەر بە رۆمانی The catcher in the rye ناوبانگی دەکرد، بەڵام چەندین رۆمان و کورتە چیرۆکی دیکەی هەیە و سەدان نامەی ناوداریشی فرۆشراون.